# بەیاننامەی پاراستنی مافی تایبەتمەندێتی (زانیاری کەسی) لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نەرویجی، تاقیکردنەوەی زانیاری کۆمەڵگە و/ یان تاقیکردنەوەی ڕەگەزنامە واتە جنسیە.

## ١/ چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ زانیاری کەسی لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نەرویجی و تاقیکردنەوەی زانیاری کۆمەڵگە و/ یان تاقیکردنەوەی ڕەگەزنامە.

کاتێک کە تۆ ناوی خۆت تۆمار دەکەیت وە یان تاقیکردنەوەی نەرویجی، تاقیکردنەوەی زانیاری کۆمەڵگە یان تاقیکردنەوەی جنسیە دەکەیت، ئێمە زانیاری کەسی تۆ وەردەگرین و کاری لەگەڵ دەکەین. لە خوارەوە زانیاری دەدۆزیتەوە دەربارەی ئەوەی کە ئێمە کام زانیاری کەسی تۆ بەکار دەهێنین و کاری لەگەڵدا دەکەین، وە بۆچی ئێمە کار لەگەڵ زانیاری کەسی تۆدا دەکەین، و مافەکانی تۆ سەبارەت بە پرۆسەی بەکارهێنانی زانیاریە کەسییەکان چییە.

لایەنی بەرپرسیار لە کۆکردنەوە و کارکردن لەگەڵ زانیاری کەسی تۆدا بریتیە لە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و تواناسازی (HK-dir). ئەمە مانای ئەوەیە کەبەڕێوەبەرایەتی (HK-dir) بەرپرسیارە لە چۆنێتی پرۆسەی پاراستنی زانیاری کەسی تۆ لە (HK-dir).

## ٢/ بۆچی ئێمە کار لەگەڵ زانیاری کەسی تۆدا دەکەین؟

ئێمە لەگەڵ زانیاریە کەسییەکانی تۆدا کار دەکەین، وە لەگەڵ زانیاریە هەستیارە کەسییەکانی تۆدا کار دەکەین، لە کاتی پێوستدا بەکاریان دەهێنین بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کار و ئەرکەکانمان، کە پەوەندی بە بەدیهێنانی ئامانجەکانمانەوە هەیە.

ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە زانیاری و شارەزایی بۆ پەنابەران دابین بکەین، بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لە ژیانی کۆمەڵگای نەرویجدا بکەن، وە هەروەها بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامە و شەهادەی کۆرسی زمانی نەرویجی و زانیاری کۆمەڵگە .

ئێمە ئەو کارە دەکەین بەپێی GDPR مادەی ( 6 nr. 1 e ) لە و بەشی (§ 41 (1) b) og/eller c) لە یاسای خۆگونجاندن integreringsloven ، هەروەها بەشی 54 لە ڕێساکانی خۆگونجاندن.

لە کاتی کارکردن لەگەڵ زانیاریە هەستیارەکانی کەسی، لەسەر بنەمای ماددەی ( 9. ژمارە 2 پیتی g ) لە یاسای GDPR، وە یاسای خۆگونجاندن (§ 41 (1) b) og/eller c ) کار دەکەین. کاتێک تۆ تاقیکردنەوەیەک دەکەیت، ئێمە بەپێی یاسا ماف و ئەرکە لەسەرمان کار لەگەڵ زانیاری کەسی تۆ دا بکەین، ئەمەش بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانمان کە لەم لیستەی خوارەوەدا هاتووە.

ئێمە زانیاری کەسی تۆ دەهێنین و بەکاری دەهێنین بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە.

- دڵنیایی جۆری، وە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زمانی نەرویجی، تاقیکردنەوەی زانیاری کۆمەڵگە و تاقیکردنەوەی جنسیە.
- بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەکان لە شوێنی تاقیکردنەوە.
- پاراستنی مافی تۆ لەو بڕیارانەی کە مافی سکاڵات پێدەدەن .
- ئامارەکان
- توێژینەوە و شیکردنەوە و شرۆڤەکردن.

لە سەر بنەمای یاسای خۆگونجاندن § 41 (1) c ) و ڕێساکانی خۆگونجاندن § 64، لە تاقیکردنەوەی خوێندنەوە و گوێگرتن لە زمانی نەرویجی و تاقیکردنەوەی زانیاری کۆمەڵگا و تاقیکردنەوەی جنسیە سانسورکردنی ئۆتۆماتیکی پەیڕەو دەکرێت.

ئەو سێ تاقیکردنەوانە پێکهاتوون لە پرسیار لەسەر شێوەی هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست، کە لە نێوان چەند وەڵامێک تانها یەک لە وەڵامەکان ڕاستە. بۆ ئەوی لە تاقیکردنەوەکە دەربچیت دەبێت ڕێژەیەکی دیاریکراو لە وەڵامەکانت ڕاست بن، وە وەڵامە ڕاستەکانیش دیاریکراون. ئەمەش هەموو پێشوەختە لە سیستەمی تاقیکردنەوەکە دەستنیشان و پڕۆگرامێرە کراون. هەڵسەنگاندنی کۆتایی کاندیدەکان بریتیە لە کۆنمرە، کە ئەمەش کۆی نمرەی وەڵامە ڕاستەکانە، لێرەدا هەر وەڵامێکی ڕاست نمرەیەک دەدات.

لەکاتی هەڵسەنگاندن و نمرە دانانی تاقیکردنەوەی نووسەکی و زارەکی زمانی نەرویجی سیستەمی هەڵسەنگاندنی ئۆتۆماتیکی بەکار ناهێنرێت، چونکە ئەم تاقیکردنەوانە لە ڕێگای مامۆستای تاقیکار و سانسور بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەڵدەسەنگێندرێت و نمرەیان بۆ دادەنرێت.

ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی ئۆتۆماتیکی دەتوانرێت بەشێوەیەکی دەستکاری واتە بەدەست لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و تواناسازی چاودێری بکرێت. ئەگەر گومان/یان شتێک هەبێت کە دەریبخات کە لەوانەیە هەڵەی تەکنیکی یان هەر هەڵەیەکی تر هەبێت، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و تواناسازی بە دەست و مانوێل بەناو سیستەمی تاقیکردنەوەکە، وە لەوانەیە بەناو ئەنجامی تاقیکردنەوەکەشدا بچێتەوە.

## ٣/ ئێمە لە کوێ زانیاریەکانی کەسی دەهێنین؟

ئێمە زانیارییەکانی کەسی لە تۆ و لە دەزگا فەرمییەکانەوە وەردەگرین.

ئەو دەزگا فەرمیانەش بۆ نموونە وەکو:

- فەرمانگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ( Integrerings- og mangfoldsdirektoratet (IMDi))
- شارەوانییەکان و بنکەکانی تاقیکردنەوە.
- Statsforvalteren پارێزگار (لە دووا قۆناغی پرۆسەی پێداچوونەوە)
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری بێگانەکان (UDI)
- وەزارەتی ( Arbeids og inkluderingsdepartementet)

- فەرمانگەی تۆماری گشتی

## ٤/ ئێمە لەگەڵ کام لە زانیاریە کەسییەکانی تۆدا کار دەکەین؟

ئێمە ئەم زانیاریانەی تۆ کۆدەکەینەوە و کاریان لەگەڵ دەکەین:

- ناو
- ئەدرێس/ ناونیشان
- ژمارەی تەلەفۆن
- پۆستی ئەلکترۆنی
- بەرواری لەدایکبوون
- ژمارەی لەدایک بوون (Fødselsnummer)
- ژمارەی - دوف ( DUF-nummer)
- ژمارەی - د ( D-nummer)
- ژمارەی پاسەپۆرت
- ژمارەی کاندیدات
- ڕەگەز
- وەڵامی تاقیکردنەوە
- ئەنجامی تاقیکردنەوە
- جۆری تاقیکردنەوە
- کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە
- زمان/ فۆرمی زمانی تاقیکردنەوە *
- شوێنی تاقیکردنەوە
- سکاڵا، داوای پێداچوونەوە
- بڕیاری تایبەتی
- گزیکردن/تەقەلوبێ/قۆپیە

ئەو کەسانەی کە لە پێش ٢٠٢٢/٢/١٥ هاتوون ئەم زانیاریانەشیان تۆمار کراوە. ئێمە کار لەگەڵ ئەم زانیاریانەش دەکەین.

وڵاتی بنەچە، واتە لەکام وڵاتەوە هاتووە *

زمانی دایک *

* لێرەدا ئەم جۆرە زانیاریانەی کەسی وەک زانیاری هەستیار دادەنرێن.

## ٥/ پێدانی زانیاریەکانی کەسی بە کەسانی تر

بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و تواناسازی ( Direktoratet for høyere utdanning og kompetanse) هیچ زانیاریەکی تۆ نادات بە کەسانی تر، تەنها ئەگەر بنەمایەکی یاسایی هەبێت بۆ پێدانی زانیاری . نموونەی ئەم بنەمایانە کە دەبێت دەسەڵاتێکی یاسای هەبێت پابەندمان بکات کە زانیاری بدەینە کەسانی دەرەوە.

بۆ ئەوانەی کە ژمارەی لەدایکبوون/ کەسییان ( fødselsnummer) هەیە، ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە و داتاو زانیاری کەسی پەیوەست بەوەوە لە ڕێگەی لینکی شەهادە بەردەست دەبن.

نموونەی ئەو لایەنانەی کە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و تواناسازی لەسەر بنەمایەکی یاسایی دەبێت زانیاری و داتا کەسییەکانیان پێبدات بریتین لە:

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی (Integrerings- og mangfoldsdirektoratet (IMDi
- شارەوانیەکان/بنکەکانی تاقیکردنەوە
- Statsforvalteren پارێزگار (لە دووا قۆناغی پێداچونەوە)
- دەزگای ئاماری ناوەندی نەرویج
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری بێگانەکان (UDI)
- وەزارەتی (Arbeids- og inkluderingsdepartementet)
- دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا
- سیکت

بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و تواناسازی لایەنی کۆکەروەی زانیاری بەکاردەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵگرتنیان، بە شێوەیەکی تر بڵێین ئەو لایەنە لە ڕێگای ئێمەوە کار لە گەڵ زانیاریە کەسیەکان دەکەن. لەم کارەدا ئێمە ڕێکەوتنی پاراستنی ئاسایشی زانیاریمان لەگەڵ کردوون، ئەمەش هەموو قۆناغەکانی کارکردن لەگەڵ زانیاریەکان دەکرێتەوە. لە کاتی ئەمڕۆدا ئەم کۆمپانیایەی زانیاری کۆکەرەوە بەکار دەهێنین

Enovate AS

هەموو پڕۆسەی بەکارهێنانی زانیارییە کەسیەکان بەپێی ناوچەی (EU/EØS) ئەنجام دەدرێت.

## ٦/ ماوەی هەڵگرتن

ئێمە زانیاریە کەسییەکان لە لای خۆمان هەڵدەگرین تا ئامانجەکانی یاسای خۆنجاندن §41 بڕگەی یەک پێوستی پێ هەبێت. ڕێساکانی خۆگونجاندن § 64 بڕگەی پێنج دەڵێت کە دەتوانرێت زانیاری کەسی کەسانێک کە تاقیکردنەوە دەکەن بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ هەڵبگیرێت، کاتەکەش لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە تاقیکردنەوەکە ئەنجام دەدرێت. بۆیە ئێمە دەتوانین زانیاری کەسی تۆ بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ هەڵبگرین. دوای ئەو کاتە زانیارییە کاسییەکانی تۆ دەسرێتەوە.

ئەم زانیاریانە بۆ ماوەیەکی کورتتر هەڵدەگیرێن:

- ئەدرێس بۆ ماوەی ٢ ساڵ هەڵدەگیرێت
- تۆماری دەنگی لە تاقیکردنەوەی تێگەیشتنی خوێندنەوە و پەیوەندی زارەکی لە ئاستی C1 بۆ ماوەی ١ ساڵ هەڵدەگیرێت.
- دۆخی پارەدان بۆ ماوەی ٣ ساڵ هەڵدەگیرێت
- غەشکردن/ تەقەلوبێ بۆ ماوەی ٣ ساڵ هەڵدەگیرێت

## ٧/ مافەکانی تۆ کاتێک ئێمە کار لەگەڵ زانیاری کەسی تۆدا دەکەین.

تۆ مافت هەیە داوای سەیرکردن / یان ڕاستکردنەوەی ئەو زانیاریە کەسیانە بکەیت کە ئێمە بەکاری دەهێنین و کاریان لەگەڵ دەکەین.

هەروەها لە هەندێک حاڵەتدا، تۆ مافت هەیە داوای سنووردارکردنی زانیاریە کەسیەکان و ناڕازیبوون لە بەکارهێنانی زانیاریە کەسیەکانت بکەیت.

دەتوانیت زیاتر لەسەر ناوەڕۆکی ئەم مافانە لە ماڵپەڕی (Datatilsynets nettside.) بخوێنیتەوە.

بۆ ئەوەی مافی خۆت بەکاربهێنیت پێوستە پۆستی ئەلکترۆنی بنێری بۆ (proveadministrasjon@hkdir.no). ئێمەش تا بکرێت زوو وەڵامت دەدەینەوە، بەمەرجێک لە ٣٠ ڕۆژدا تێنەپەڕێت.

لەوانەیە پێش ئەوەی وەڵامت بدەینەوە داوات لێ بکەین کە ناسنامەی خۆت بسەلمێنیت وە یان داوای زانیاری زیاترت لێبکەین. بۆیە ئەم کارە دەکەین بۆ ئەوەی دڵنیابین کە جگە لە خۆت زانیاری تۆ بەکاسانی تر نادەین، وە زانیاری تۆ نەدەینە کەسێک کە خۆی وا پێشان بدات کە تۆی.

## ٨/ بەرپرسی پاراستنی زانیاری کەسی

بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و تواناسازی بەرپرسی پاراستنی زانیاری کەسی تایبەت بەخۆی هەیە. بەرپرسی چاودێری پاراستنی زانیاری کەسی بریتیە لە Torgeir Hovden ، وە دەتوانرێت لە ڕێگەی پۆستی ئەلکترۆنی (personvernombud@hkdir.no.) پەیوەندی پێوە بکرێت.

## ٩/ سکاڵاکردن

ئەگەر پێتوایە ئێمە زانیاری کەسی تۆمان بەو شێوەیە بەکار نەهێناوە کە لێرەدا نووسراوە، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین کە ئێمە یاسای پاراستنی زانیاری کاسیمان پێشێل کردووە، دەتوانی سکاڵا لە (Datatilsynets nettsider) تۆمار بکەیت.

## ١٠/ گۆڕانگاری

ئەگەر هەر گۆڕانکاریەک بەسەر خزمەتگوزاریەکان یان یاسا و ڕیساکانی بەڕێوەبردنی زانیاری کەسی دا ڕوودات، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەو زانیاریانەی کە تۆ لێرە وەرت گرتووە. ئەو بەیاننامەیەی پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیە نوێدەکرێتەوە و بەردەستە لە لاپەڕەی ئینتەرنێتەکەمان.

## ١١/ زانیاری لەسەر پەیوەندیکردن

زانیاری لەسەر پەیوەندیکردن بە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و تواناسازی:

ناونیشان: Fortunen 1, 5013 Bergen

پۆستی ئەلکترۆنی: ost@hkdir.no

تەلەفۆن: 55 30 38 00

ژمارەی ئۆرگانیزاشیۆن: 974788985

ئەگەر تۆ پرسیارت لەسەر چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ زانیاری کەسی هەیە، دەتوانیت پۆستی ئەلکترۆنی بنێریت بۆ proveadministrasjon@hkdir.no